# پرسیاری ڕۆح لە شیعری نوێی کوردیدا  بە نموونەی( گۆران، عباس ساڵح)

پ.ی. د.علی طاهر حسێن
زانکۆی سلێمانی – کۆلیجی زمان
بەشی وەرگێڕان

**الملخص**

اشتغل الانسان منذ القدم بعالم الروح كموضوع مهم و حساس عبر الأساطير والخطابات الدينية وأخيرا من خلال الفلسفة الحديثة وكانت لهم تفسيرات مختلفة له، وتناوله الأدب ايضا وعلى وجه الخصوص الشعر ولكن بلغة فنية شعرية. البحث بالاضافة الى المقدمة تتالف من قسمين وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية، ففي الفصل الأول يتحدث الباحث عن عالم الروح من رؤى مختلفة بناء على الخطابات المتعلقة بالروح، وخصصنا الفصل الثاني للجانب التطبيقى لتحليل بعض النصوص الشعرية التى تناولت موضوع الروح لـگوران و عباس صالح بلغة شعرية.

**Abstract**

The research focuses on the importance of soul from ancient times untill now, myth, religious discourse and modern philosophy. All of these have various answers for the question of soul and the literature also has focused on soul, especially poetry through aesthetics and poetic language. This research project consists of an introduction, two sections and references. The abstract of the research is also provided in English and Arabic. The first section deals with soul from the perspective of different discourses. The second section is a practical section which presents several examples from poems by Goran and Abbas Salih. These examples deal with soul through poetic language.

**پێشەکی:**

پرسیارکردنی ڕۆح، بابەتێکی گرنگە، هەر لە کۆنەوە، مێشکی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەفسانە کۆنەکانی مرۆڤ، پڕە لە پرسیار و، وەڵامی جۆراوجۆریان هەبووە، دواتریش گوتاری ئایینی، خۆی لەم بابەتە داوەو، فەلسەفەی تازەیش، لەم بارەیەوە جهیانبینی خۆی هەیە، بە زمانی فەلسەفە گوزارشتی لێکردووە. ئەدەبیاتیش، بە تایبەتی شیعر، خۆی لەم بابەتە بە زمانی هونەری و ئەندێشەو خەیاڵ داوە، زۆر پرسیاری تایبەت، بەم بابەتە، وروژاندووە، هەندێ جار لە شێوەی پرسیارداو، زۆر جار یش لەشێوەی دوالیزمەکاندا بووە، بەڵام بە شێوازی لۆجیک و فەلسفە نەبووە، بە زمانی شیعر بووە.

بەپێی ڕێبازی لیکۆڵینەوە، ئەم توێژینەوە، تایبەتە بە پرسیاری ڕۆح لە شیعریی نوێی کوردیدا، واتە، سنووری توێژینەوەکە دیاریکراوە، ئەمە ئەوەیش ناگەیەنێت، کەلە شیعری کلاسیکی کوردیدا، باس لەم بابەتە نەکرا بێت.

لە ڕەخنەی نوێی کوردیدا، ئەم بابەتە کاری کەمی لەسەر کراوە. لەم توێژینەوەدا، بە پێی ڕێبازی وەسفی و شیکاری کار کراوە، بابەتەکەیش، بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: جیهانی ڕۆح لە دیدگای جیاوازەوە.

بەشی دووەم: پراکتیزە کردنە لە ناو دەقە شیعرییەکاندا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەرکی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای ئەو دەقانەی کە پرسیارە ئەزەلییەکەی ڕۆح دەوروژێنن ، هەر لەکۆنەوە فەلسەفە بەزمانی لۆجیك و ئەدەبیش بە زمانی هونەری خۆی لەم بابەتە داوە . دەقەکانی هەردوو شاعیریش ئاماژەن بۆ ئەم پرسیارە ، بەڵام بەشێوەی هونەری و زمانی شیعریی.

**بەشی یەکەم**

**جیهانی ڕۆح لە دیدگای جیاوازەوە**

بوونمان لە ژیاندا، هەنگاوە بەرەو مردن، سەردەمی ئەفسانەو ئایینەکان دۆخی بیرکردنەوە بووە، لە مردن، واتا سەرەتاو کۆتایی لەیەك کاتدا، هەربۆیە، دەگوترێت ژیان مردنە، ترس لە مردن، مرۆڤی سەرسامکردووە ودوچاری خەمۆکی و دڵەراوکێی کردووە، ناچاریکردووە کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی ڕۆح و مردن و خودا بوروژێنێت.

هەریەك لە ئەفسانە و ئایین و فەلسەفە، بە پێی ڕێزبەندی، وەڵامی خۆیان هەبێت وئێستاش، زۆرێك لە زانایان، بە پێی زانستی سەردەم، ڕاڤەیان بۆ مردن دەچێتە چوارچێوەی زانستەوە، واتە کار لەسەر کارەبای دەماغ دەکەن.

لای (شوبنهاوەر) مردن دەچێتە چوار چێوەی فەلسەفەوە، (نیتشە)یش پێی وایە، مردن تەواوکەری ژیانە، نەك،دژی، (فوڵتێر)یش پێی وایە، لە نێو هەموو گیانلەبەران تەنیا مرۆڤە دەزانێت دەمرێت. (ویل دورانت)یش پێی وایە، مرۆڤ، سەرچاوەی هەموو ئایینەکانە.

(هایدگەر)یش پێی وایە، هەرکەسێك مردنی لەیاد نەبێت، ئەوا کێشەیەك لە مرۆڤ بوونیدا هەیە.(هانس گئورگ گادامر،١٣٨٢ :٦٧،٧٧ ) (لویس – فانسان توماس،٢٠١٢ : ٧،٨،٤٢) (دکتر غلا محسین معتمدی، ١٣٧٢:١٦،١٩)

هەموو ئایینەکان، بڕوایان بە بوونی ڕەگەزێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ و کەسێتییەکەیدا هەیە ئەو ڕەگەزەش پێی دەوترێت (ڕۆح) وەهەندێك جاری (دەروون). ژیانی مرۆڤ، جگە لە گلخواردنەوەی ڕۆح لە جەستەی مرۆڤدا، چیدیکەنییە، هەرکە ئەم ڕۆحە بە تەواوی جەستە جێدێڵێت، مانای وایە بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی کۆتایی هاتووە، تا لە ئاستێکی بەرزترو لە شێوەیەکی تردا لە ئاسمان دەستپێدەکاتەوە. بڕوابوون بە جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستە بڕوای تەواوی ئایینە مرۆییەکانە بێ جیاوازی. (بوساحە ئەحمەد ،٢١٤: ١٥،٥١) داگاری (Dagari ) یەکانی فۆڵتای سەروو، بڕوایان وایە ژیانی مرۆڤ، دوای مردنیش ناوەستێت، بەڵکو ڕۆح، جەستە جێدەهێڵێت و بەرەو جیهانێکی دیکە کە جیهانی مردووەکانە هەنگاو دەنێت. (Louis Tomas , 1968: 78 )

خێڵی (پانتۆکان) لە ئەفەریقا، پێیان وایە، لە مردندا جەستەی مرۆڤ لەناو دەچێت، بەڵام ڕۆح کە پێی دەڵێن (مونتو- muntu)جیهانی زیندووەکان جێدەهێڵێت، تا لە جیهانی پێشینەی مردووەکاندا بژی

(Louis Tomas , 1968: 78 ) لای (بامیاراکان)ی مالیش، هەمان بیروباوەڕ، دەبینرێت، پێیان وایە، مرۆڤ لەکاتی مردندا کۆتایی پێنایەت، بەڵکو ڕۆحی دەچێت بۆ جیهانی دیکە. (بوساحە ئەحمەدك، ٢١١٤ : ١٥٠) لای ئیو EW ) (Eیەکان لە (غانا) و (تۆگۆ) مرۆڤ دوو، ڕۆحی پێچەوانەی هەیە، ڕۆحی ژیان، کە دەچێت بۆ ئاسمان و ڕۆحی مردن،

کەلە ژێر زەویدا دەنێژرێت. ( Louis Tomas 968: 140)

لەزۆربەی ئایینەکانـدا، بە ئیسلامیشـەوە، ڕۆح بە باڵنـدە هێمـای بـۆکراوە، بـۆ نمـوونە لە ئـاییـنی فیرعەونەکانـدا، باڵندەیەک، بەسەر مرۆڤەوەیە، هێمایە، بۆ رۆحی مرۆڤی مردوو، لە ئیسلامیشدا باڵنـدەیەکی سـەوز، کە لە بەهەشـت دا دەفرێت، هێمایە بۆ رۆحی شەهیدان.

لە بەرازیلیش (بۆرۆرۆکان- Bororo) پێیان وایە، ڕۆحی مرۆڤ لەکاتی نووستندا، لە شێوەی باڵندەیەکدا، جەسـتەی مرۆڤ جێدەهێڵێت ( بوساحە ئەحمەدك، ٢١١٤ : ١٥٤) . لای عەرەبەکانی پێش ئیسلامیش، ئەو بـڕوایە بـاوبووە، کە ڕۆح دەگۆڕێت بۆ باڵندەیەك، بەسەر گۆڕی مردووەکاندا دەسوورێتەوە، بەم باڵندەشیان دەگوت (الهامە).( علـی جـواد، ٩٧٠ : ١٥٠)

لای (هیندۆسـەکان)، مەسـەلەی ڕۆح، بـابەتێکی بنەڕەتیـیەو، پەیوەنـدی بە مەسـەلەی ژیـان و مـردنەوە هەیە، بە باوەڕی ئەوان، لە نیوەی کۆتایی هەزارەی یەکەمی پێش زاینیدا، لە سرودە (ڤیدابیە)کانـدا، داوا لە ئـاگر دەکرێـت – کە بەپێی باوەڕیـان، مـردووی پێدەسـوتێنن – کە بەشـەکانی (نـازادە، ئاجوبهاگە، ئامـاریتە)ی کەسـی مـردوو نەسـوتێنێ، چونکە ئایندارا‌ن باوەڕیان وابوو، کە لایەنی نامادی، مرۆڤ پاش مردنی جەستی مادی، دەمێنێتەوەو، بە پێی چونیەتی ئەو ئاینەی، کەلە سەردەمی ژیانیدا ئەنجامی داوە، وەك یاڵندەیەکی پرشنگدار بۆ (پیتری لۆکا) سـەر زەمینـی بـاپیران، کە لە ژێـر فەرمـانڕەوایی خـودایی مردووەکانـدایە، یـان بـۆ (دوە لۆکـا) قەلە مـرۆی خوداکـان دەفرێـت. (سـەبوور عەبدولکەریم،٢٠١٤ :٣٣) (بـودا) نەمری ڕۆح و زۆرێـك لەو بابەتـانە بە بێهـودە و بـێ ئەنجـام ئەزانێـت و، لەم ڕووە وە (بـودا) بە ئاشـکرا دەڵێـت:((مـن لەبـارەی کـۆنی و ئەزەلـی جیهـانەوە، رونکـردنەوەم نەداوە هەروەك، چـۆن لە بـارەی سنورداری و، کۆتایی هاتنیشەوە، ڕاڤەیەکم نەکردووە)).( د. سید عبدالحمید خیایی، ١٣٧٨ : ٢٥٩)

لەلایەکی ترەوە، بودابیەکان، باوەڕیان بە (دۆنادۆن ( Transmigration - هەیە، بەڵام تیوری دۆنـادۆن، لای بـودا، جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئایینەکانی تر، وەك (هینۆسیزم) و (سیخیزم)، چـونکە (بودابیەکـان) دۆنـادۆن، بە گواسـتنەوەی ڕاستەخۆی ڕۆح، وەك مادەیەکی سەربەخۆ، لە جەسـتە بـۆ جەسـتەیەکی تـر نـازانن، بەڵـکو باوەڕیـان بە گواسـتنەوەی سیفات وتایبەتمەندی ژیان لە جەسـتەیەکی مـردووەوە بـۆ جەسـتەیەك کە لە دۆخـی کۆرپەلەییـدایە، هەیە. ( د. سـید عبدالحمید خیایی، ١٣٧٨ : ٢٦٢)

لەشوێنێکی (گاتاکانی) (زەردەشت)یش هاتووە، دەڵێـت: ((ئـێمە لە جیهـانی رۆحەکـان و جەسـتەکاندا، ئـێمەی دوو دەروون، لەگەڵ یەکتر گونجاو نابین)).( جان بایرناس، ١٣٨٨ : ٤٥٨) لێرەدا زیاتر مەبەسـتمان ئامـاژەدانی زەردەشـتە بە وشەی ڕۆح.

ئایینی جولەکە زیاتر بایەخیان بە جیهان و ژیان و ویستن داوە، ئەمان، باوەڕ بە ڕۆح و زیندووبوونەوەی مـردووان لە کۆتایی زەمانەدا، بەر لە هاتنی مەسیح نەبـۆتە تیـورێکی بنەڕەتـی، بەڵام باسـی زینـدووبوونەوەو بـاوەڕ بە نەمـری، لەچەند دەقێکی ئایینی جولەکەدا دەبینرێت.

لە ئیسلامدا، ڕۆح، وەك شتێکی نەزانراوو، نادیار ماوەتەوە، وەك لە قورئاندا هاتووە:

(ویسألونك عن الروح قل الروح من امر ربی وما أوتیتم من العلم قلیلاً) (قورئـانی پیـرۆز (الاسـراء:٨٥)) هەروەهـا، یەزدان تەنها بە مرۆڤی گوتووە ((ونفخت فیه من روحی)) (قورئانی پیرۆز (الاسراء:٨٥)) لە فەلسەفەی تازەشدا چەن ئاراستەیەك هەیە لەوانە:

هەندێك باوەڕیان بە نەمری، چ بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەربڕیووە، کۆمەڵێکی تریش، بە پێچەوانەوە، مردنیان بە خاڵی کۆتایی، ژیان هێناوە، دەستەیەکی تریش (نازانمگەری – لا أدری) یان هەڵبژاردووە، هەندێکی تریش، بایەخیان لەسەر ژیان بووەوو، لە بناغەوە، مردن جێگای بایەخیان نەبووە، وەك (سۆفستاییەکان) کە دەیانگوت، پرسی مردن، دەچێتە جیهانی نادیارەوە، بۆیە لە دەرەوەی کاری ئێمەیە.( د. ابراهیم رجب عبدالله، ٩٨٤: ٥٢٥)

تیۆری گەڕانەوەی ڕۆح بۆ جەستە، هەروەك ئاماژەمان پێداوە، هەموو ئایینە ئاسمانیەکان وبەشێك لە ئاینەکانی تر، باوەڕیان پێی بووە. تیۆری ڕۆحی نابەرجەستەیش، باوەڕی وایە، ڕۆح لە سکی دایکدا دێتە نێو جەستە، بەڵام ئەو، ئەزەلییەو، بەر لەوە لە جیهانێکی گونجاو لەگەڵ جۆری خۆیدا هەبووەو کە دێتە سەر جەستە گرفتار دەبێ وو، پاش مردن، ئازاد دەبێ و بۆ جیهانی ڕاستەقینەی جێگیر دەگەڕێتەوە، (ئەفلاتون) و هەندێ لە شاگردەکانی باوەڕیان پێیەتی.( سید محسن رضا زادە، ١٣٨٣ : ١٤) لە تیۆری (دۆنادۆن)یشدا، ڕۆحی کەسێکی تر، پاش مردن بۆ نێو جەستەی کەسێکی تر دەچێت (سید محسن رضا زادە، ١٣٨٣ : ٤) ، تا ئێستاش لە هندستان و ، هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵات، پەیڕەانی ئەم بۆچوونە، باوەڕیان پێیەتی .

پەیڕەوانی تیۆری جەستەی باڵایش، باوەڕیان وایە، حەقیقەتی مرۆڤ جەستەی ئەونییە، بەڵکو جەستەیەکی تری ناسکە، لە نێو جەستەیدا کە پاش مردن جیا دەبێتەوە و، لە جیهانێکی تایبەت و لە نێو هەبووە ناسکەکاندا دەمێنێتەوە. .( سید محسن رضا زادە، ١٣٨٣ : ١٥)

(ئەرستۆ) پێی وایە، دەروونێکی جیابووەوە لە جەستە نییە، کەواتە بەلەناوچوونی جەستە، ئەویش لەناو دەچێت، ئاراستەیەکی تریش، کە (ئەفلاتون) و (دیکارت) ڕێبەراتی دەکەن باوەڕیان وایە کە دەرون (ڕۆح) جەوهەرێکی نامادی هەیە وتوانای بوونی بەسەربەخۆ لە جەستە هەیە، لێرەوە ڕۆح،

بەرلەوەی بچێتە نێوجەستەوو، پاش ئەوەش کەلە جەستەدا، پەیوەندی دەبچڕێت، هەیە و ئەمەش نەمریبوون دەسەلمێنی.( د. عبدالرحمن بدوی، ١٩٨٥ : ٥٠٦،٦٠٦ )

لە شارستانێتی (یۆنان)دا (سوکرات) لە هەموویان زیاتر باسی دەرون و ڕۆحی کردووە، بە خوێندکارەکانی گووتوە، کە هەرگیز لەمردن نەترسن، چونکە مردن، لە مندالدانی ژیان و، ژیانیش، لە مندالدانی مردن لە دایك دەبێت و، دەڵێت: ڕۆح زەمەنی نییە، هەموو شتەکان لە دۆخی (صیرورە)دان، دێنە بوون و نامێنن، (ئەفلاتون)یش لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی (سوکرات)دا بووە، کاتێك بینیوێتی کە ژیان و مردن، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، وێنای ئەفلاتون بۆ مردن ئەوەیە کە گۆڕانە(د. عادل الآلوسی، ٢٠٠٣ : ٢٥) . (change) (د. عادل الآلوسی، ٢٠٠٣ : ٢٥)

بە پێی ڕەخنەگران، دیدو بۆچوونی (ئەرستۆ) دەستکەوتێکی گەورەیە، بەوەی جیهان لەوپەڕی ڕێکی و ڕێکخستندایە، هەموو شت تێدا، لە شوێنی خۆیدا، ڕێکخراوە، هیچ نهێنی و تەمومژی تێدا نییە، ژیان بەخشش وخەڵاتە و مردنیش هەر وایە(د. عادل الآلوسی، ٢٠٠٣ : ٢٥)

میسرییە کۆنەکان، وەك شارستانێتی کۆنی عێراق، لەهەندێ باوەڕدا، هاوبەشبوون، میسریەکان بە گۆڕیان گوتووە کۆشکی کۆتایی (قصر الأبدیە)، هەروەها، باوەڕیان بەدوالیزمی ڕۆح و جەستە (ثنائیة الروح والجسد) هەبووە، بەوەی مرۆڤ لەدواڕۆژدا زیندوو دەبێتەوە، لەبەر ئەوە خواردن و پێداویستسەکانی ژیانیان لەناو گۆڕەکەدا داناو میسریە کۆنەکان، باوەڕیان وابووە، کەزیندوبوونەوەی ڕۆح، پابەندە بەوەی کەلاشەی مرۆڤەکە بپارێزرێت، بۆیە مۆمیاکردنیان (التحنیط) داهێنا، تا سەلامەتی لاشەکە بپارێزرێت . (د. عادل الآلوسی، ٢٠٠٣ : ١٧)

(اخوان الصفا)یش بڕوایان بەوە هەیە، کە ڕۆح بەشێکە لە نوری خودا، کەلە تاریکی جەستە و مادەدا زیندانی

کراوەوو، تەنها بە ناسینی خۆی رزگاری دەبێت و مرۆڤی عارف بەرز دەبێتەوە بەرەو باڵاوئەم جیهانە، نزم وپڕ لە دوالیزمی دژیەکە بەجێدەهێڵێت. (فراس السواح، ٢٠٠٨ : ٢٠،٣٩)

پێشبینیەکان، ژمارەیەك رۆحی باشیان دەپەرست، زەردەشت هەموو ئەو رۆحانەی کرد بەیەك و ئەو یەکەشی ناونا ((ئەهوورامەزدا)). هەر بەم شێوەش هەموو رۆحە خراپەکانی کردە یەك و ناوی لێنان (دروج – ئەهریمەن) (محمد ئیقبال لاهوری، ٢٠١٦ : ١٤)

لەهۆزی (هیروگوز) لەسەروی ئەمریکا کاتێك مردوویەك بە خاك دەسپێرن، باڵندەیەك ئازاد دەکەن، چونکە بۆچوونیان وایە، کە رۆحی مردووەکە لەگەڵ ئەو باڵندەیەدا دەفڕێت./ (د. غلا محسين ، ١٣٧٢: ١٢)

هەندێك لە میسریە کۆنەکان، باوەڕیان وابووە، کەرۆح بەرەو ئاسمان دەڕوات و لەگەڵ خوداوەندەکاندا دەمێنێتەوە، لاشەی فیزیایش جارێکی تر، زیندوو نابێتەوەو، لە گۆڕەکە دەرناچێت، لەسلالەی پێنجەمدا ٣٤٠٠ ساڵ پ.ز هاتووە دەڵێت: نەفس بۆ ئاسمان، زەویش لاشەی بەردەکەوێت.

(السير ولس بدج ، ٩٨٥ : ١٩٧) کاتێك لەسەر رۆح دەدوێین، هەندێ جار،دەبێت ئاماژەیش بەدیاردەی مردن بکەین، چونکە هەردووکیان پەیوەندی پتەویان، بەیەکترەوە هەیە، تەواوکەری یەکترن، لەم روانگەیەوە هەموو ئایینەکان جەخت لەسەر ژیان و مردن و دۆزەخ دەکەنەوەو خاڵی هاوبەشیان زۆرە، ئایین لەوڵاتی رافدەین، وەك لە دەقەکانی هەزارەی دووەم و سێیەمی پێش زایندا دەردەکەوێت، ئاوێتەیەکە لە توخمەکانی سۆمەری وسامی، چەمکە ئاینیەکان، لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری یە سیاسییەکاندا پەرەی سەندووە، لە گواستنەوەی، لەقۆناغی راو و پەیداکردنی قوت، بۆ کشتوکاڵ و، بەخێوکردنی ئاژەڵ، هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، ئایین لە تەوتەمییەتەوە، بۆ پەرەسەندنی هێزی سروشت هەنگاوی ناوە، دواتر بەرەو پرەنسیپی تاکگەرایی، رۆیشتووە، واتە پابەندبوون بەیەك خوداوەند، بەوەی دەنگی هەموو خوداوەندکانە، تاوایلێهات خوداوەند مرۆڤ بووە لە شێوەی مرۆڤ دا، کە پێشتر بەشێوەی ئاژەڵ وێناکرابوو. (د. عادل الألوسی،٢٠٠٣ :١٩)

ئەگەر بگەڕینەوە بۆ دواوە، هەست کردن بە مردن لە داستانەکەی (گلگامیش)ەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێك هەردووکیان بڕیاریاندا گای پیرۆز بکوژن، ئەمەش تورەبوونی خواوەندی لێکەوتەوەو، بڕیاری مردنی (ئەنکیدۆ)ی داوە، (گلگامیش) بە تەنیشتییەوە دانیشت، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە مردنی هاوڕێکەی واتە مردنی ئەویشە. (د. عادل الألوسی،٢٠٠٣ ٢٢) لە داستانەکەی (گلگامێش)دا هاتووە، کاتێك خودی گلگامێش،بەدوای نەمریدا گەڕاوە، ڕێنمایی کراوە، کە واز لە بیرۆکەکە بهێنێ، چونکە کاتێك خوداوەند مرۆڤی دروستکردووە، لەسەریشی فەرز کردووە کە بمرێت. (د. عادل الألوسی،٢٠٠٣ : ٢٣)

ئەدەبیات و ئەفسانە کۆنەکان، لەسەر هزریی نەمریی گوتەی خۆیان هەبووەو، دواتریش ئایینەکان، لەم بارەیەوە دواون، کۆتا ئایینیش کە ئیسلامە دەڵێت: ((كل نفس ذائقة الموت)) (قورئانی پیرۆز

(العنكبوت) ٥٧) مرۆڤە سەرەتاییەکان زانیارییەکی روونیان لەسەر مردن نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت، زانیویانە دەمرن، ئەمەش لە روانگەی تاکە کەسییەوە بووە، بەوەی کە، هێزێکی نادیار، دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە، بەڵام چۆن وکەی؟ ئەمانەیان نەزانیوە. (د. عادل الألوسی،٢٠٠٣ : ١٤)

داستانی مەرگی (گلگامێش) ئەوەیە، کە نابێت هیوا لەسەر ژیانی هەمیشەیی هەڵچنێ، چونکە خواوەند (أنليل) کە بە باوکی خواوەندەکان ناسراوە، ڕەزامەند نەبوو لەسەر نەمریی بۆ (گلگامیش)، لەجیاتی ئەوە، پاشایەتی و ئازایەتی

لە جەنگ دا پێبەخشیووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە خواوەندەکان هاوڕابوون لەسەر مردنی مرۆڤ، ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە تەنها کاری باشە بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە (د. فاضل عبدالواحد علی، ١٩٩٧ : ١٦٨)

(ئەنکیدۆ) مردوو (گلگامێش)یش نیگای دەکردو، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوو، ئینجا گوتی:

التفت إليَّ يا هذا إنك لم تعد تصغى إلى

لكنه لم يرفع رأسه

فنجس قلبه، لكنه لاينبض اطلاقاً

فغطى صديقه كالعروس

ثم اخذ يحوم حوله كالنسر

كاللبوه التى سقط أشبالها فى حفره

بقى يروح ويجىء

وهو ينتف شعر رأسه. ( د. فاضل عبدالواحد على ، ١٩٩٧ : ٢١٦)

لای میسرییە کۆنەکان (اوزیرس) پاشای جیهانی خوارەوە بووەو دادوەری مردن بووە(السیر ولس بَدج، ٩٨٥ : ٨١) .هەروەها باوەڕیان بە دادگایی کردن، کە مێژوویەکەی بۆ ٣٦٠٠ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە تابلۆیەکی نەخشێنراو بەدەستی خواوەند (تحوت) کە (هروتاتف - Herutataf)نەخشی کردبوو هەبووە، کە تێدا کەسی مردوو دیالۆگ لەگەڵ دڵیدا دەکات و دەڵێت لە ڕۆژی دادگایکردندا جێمەهێڵە((السیر ولس بَدج، ٩٨٥ : ١٤٩)

(اوزیرس) کوڕی (سب ونوت) بووە ژنەکەی (ایزیس) بووە، لەو کاتەدا باوەڕ وابووە کە مرۆڤە، بەڵام بنەچەیەکی ئاسمانی هەبووە، کاتێك ژیاوە بۆتە پاشای سەر زەمین و دواتر براکەی (ست) بەغەدر کوشتوویەتی و، لاشەکەی کردۆتە چوار پارچەوەو، بەسەر هەموو خاکی میسریدا بڵاویکرۆدتەوە، دوای ئەم مردنە، (ایزیس) توانیوەیەتی سەر لەنوێ بیگەڕێنێتەوە بۆ ژیان بە پێی شێوازێکی جادوویی کە (تحوت) پێبەخشیبوو، کوڕێکی بوو بە ناوی (حوریس) کاتێك گەورەبوو کەوتە ململانێ لەگەڵ (ست) و لەناوی برد وەك تۆڵەی باوکی و توانی لاشەکەی سەر لەنوێ زیندوو بکاتەوەو، بۆیە بوو بە هێمای قیامەت ونەمری، خواوەندی مردووەکان. (السیر ولس بَدج، ٩٨٥ : ١٢٧)

لەروانگەی مرۆڤی سومەرییەوە، جیهان بەسەر سێ بەشدا دابەشبووە، یەکەمیان، ئاسمانە، شوێنی خواوەندەکانە، دووەم، زەوی شوێنی مرۆڤەکان، سێیەمیان، خوارەوەی زەویە شوێنی مردووەکان. (وداد الجورانی ، ١٩٩٨ : ١١٧) هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێت (دەلەمون) کۆنترین بەهەشتە لە شارستانێتی جیهانی کۆنداو، سۆمەرییەکان، یەکەم کەسبوون هزری دامەزراندنی بەهەشتیان داناوە، یەکەم جار لە ئەفسانەی ((سەردەمی زیرین))و، دووەم جاریش لە ئەفسانەی (دەلەمون)دا، خۆی بینیوەتەوە. (وداد الجورانی ، ١٩٩٨ : ١٩٣)

بۆچوونێکی تریش هەیە، دەڵێت:(دەلەمون) خۆی ئاماژەیە بۆ شارێکی مێژووی، زیاتر دەچێتە جیهانی خەیاڵ ، نەك واقعێکی جوگرافی، رەمزی بەهەشتە، نەمرییش (الخلود) کۆششی کەسایەتی کۆنی عێراقە، خۆی لە (گلگامێش)دا دەبینێتەوە، کاتێك کە خەریکی دیالۆکە لەگەڵ پاڵەوانی تۆفان (اوتونو بشتم) (وداد الجورانی ، ١٩٩٨ : ١٢)

خواوەند دروستکەری هەموو قەدەرەکانە، ئەوانن، ژیانیان بەسەر ژیان و مردندا دابەشکردووە، بەڵام مردنیان کەشف نەکردووە، تەنها بەیەکێك لەرازەکانی خوداوەندیان زانیووە. (علی الشوك، ١٩٨٧ : ٧١)

دۆزەخ یاخود جیهانی خوارەوە، دنیایەکی غەیبانییە، کرۆکەکەی لەسەر وێناکردن و خەیاڵ بونیادنراوە، پشت بە

قەدەغەکراوەکان دەبەستێ، کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات، جا مرۆڤ بێت، وەك (أنکیدۆ)، یا خواوەند وەك (أنانا)، هەرکەسێکیش رەچەشکێنی بکات خۆی دەخاتە بەر تەوژمی مردن، ئەوەشی دابەزی بۆ جیهانی خوارەوە بۆی نییە، بگەڕێتەوە سەر زەوی. (وداد الجورانی ، ١٩٩٨ : ١٩٣)

لە داستانی (گلگامێش)دا هاتووە کە (اوتنابشتم) روو دەکاتە گلگامیش و پێی دەڵێت: وەرە رازێکی خوداوەندت پێبڵێم کەوا روەکێك هەیە، ئەگەر دەستت پێی بگات و بیخۆیت، ئەوا بە نەمری دەمێنیتەوە، بەڵام مارێك رەنجی گلگامیش بە فیرۆ دەدات و، روەکەکەی لێدەدزێ و هەموو ساڵێك کاژەکەی فرێدەدات و خۆی پێتازە دەکاتەوە. ( د. فاضل عبدالواحد علی، ١٩٩٧ : ٢٢٧)

لەشوێنێکی تریشدا (اوتنابشتم) سەرنجی گلگامێش بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە گەڕان بەدوای نەمریدا بیهودەیەو، دەڵێت:

فلا أحد یری الموت

ولا أحد یری وجه الموت

ولا أحد یسمع صوت الموت

لکن الموت صارم یقطع الانسان تماماً. ( د. فاضل عبدالواحد علی، ١٩٩٧ : ٢٢٢)

لە هەموو کولتور و شارستانییەکاندا، مردن قەدەری مرۆڤە، دەبێت بمرێت، ژنێك هات بۆ لای (بوزا) داوای لێکرد کوڕە کۆچکردووەکەی بۆ زیندووکاتەوە، (بوزا) مەرجێکی بۆ دانا، ئەویش ئەوەبوو، داوای لێکرد مشتێك گەنمی لە ماڵێك بۆ بهێنێ، کە هەرگیز کەسیان لێنەمردبێت، ژنەکە گەشتێکی دوور و درێژی ئەنجامدا، بەو هیوایەی مەرجەکە بێنێتەدی، بەڵام نەیتوانی ماڵێك بدۆزێتەوە مردنی تێنەچووبێت لە کۆتاییدا باوەڕی بەوە هێنا کە مردن قەدەری هەموو مرۆڤێکە.

( Pjenane Karen Tager , 1999 : 39)

شاعیر وفەیلەسوف هەریەك لە روانگەی خۆیەوە باسی لە مردن کردووە، شاعیر وێنای مەرگی بەشێوەی خەیاڵ و، فەیلەسوفیش بەشێوەی لۆجیك و عەقڵا نیشانداووە (دکتر غلا محسین معتمدی ، ١٣٧٢ : ١٩ )

مردن بێخەبەرە، لە هەر شتێکدا ئامادەبێت، پەیوەست نییە، بە گەنج و پیرەوە، هەروەك (سیسرون) دەڵێت: مردن کوێرە، جیاوازی لە نێوان پیر و گەنج دا ناکات، (فردوسی)ش هەمان واتا بەم شێوەیە روونەکاتەوەو دەڵێت:

همە مرگ رائیم پیر وجوا        کە مر کشت چون شیرو ما أهوان  (دکتر غلا محسین معتمدی ، ١٣٧٢ : ٣١)

**بەشی دووەم:**

**پراکتیزە کردن لە ناو دەقە شیعرییەکاندا**

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر لە کۆنەوە، تا ئێستا فەیلەسوفەکان و شاعیرەکانیش، بابەتی رۆحیان بەلاوە گرنگ بووەو ئەو پرسیارەیان وروژاندووە، فەیلەسوف لە شێوەی فەلسەفەدا و، شاعیرانیش بە زمانی شیعر. مرۆڤ لە کۆنەوە خولیای وەڵامی پرسیاری رۆح بووە، بە پێی زەمەن ئەو پرسیارە کراوە، سەرەتا لە ئەفسانەوە دەستپێکردووە، دواتریش پرسیارەکە گوێزراوەتەوە بۆ ناو گوتاری ئایینی، جا چ، ئایینە یەکتا پەرستەکانی ئاسمان بوو بێت، یاخود ئایینە سەر زەمینەکانی مرۆڤ، دواتریش فەلسفە زۆر خۆی سەرقاڵکردووە بەو بابەتەوە، جا فەلسەفەی کۆنی یۆنانی بێت، یاخود فەلسەفەی تازە. لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیشدا، هەندێ جار ئەم پرسیارە لە چوارچێوەی تەسەوفدا،

نەك فەلسەفە، ورژێنراوە، بەڵام بەزۆری تارمایی ئایینی بەسەر وەڵامەکاندا زاڵبووە، لەبەرئەوەی تویژینەوەکەی ئێمە لە چوارچێوەی توێژینەوەی ئەکادیمیدایە بە پێی میتودی زانستی، بۆیە، کارەکەی ئێمە لە چاورچێوەی شیعریی نوێی کوردیدایەو دیاریکراویشە، بە نموونەی دوو شاعیر، لێرەدا سەرەتا ئەم دەقەی (گۆران) وەردەگرین کە زۆر مەبەستمانە گۆران دەڵێت:

گیان
نازانم تۆ چیت ئەی گیان؟
یاری نازداری ژیان،
هێزی لەش و جووڵاندم،
هۆی گەرم و سارد چەشتنم،
تینی دڵەی پڕ جۆشم،
بزوێنی بیرو هۆشم،
هاوڕێی هەمیشەی عومرم!
لەو ساوە بووم تا ئەمرم !
نازانم تۆ چیت؟ من چیم؟
تۆ من نیت؟ یان من تۆ نیم؟
تۆ دنیام؟ یا دنیام!
تۆی تیا هاتوویتە ئەنجام؟
تۆو ژیان کامتان کامن؟
کامتان نەوتی چرامن؟
یاخۆ پرشنگ کامتانن؟
یا هەردوو! هەردوکتانن؟
نازانم و حەیرانم،
ئەی تەلیسمی ژیانم!
هەر ئەوەندەم لێ ڕوونە!
ئەنجام لەیەك جوێ بوونە!
ڕۆژێك .. سبەی، دوو سبەی؟
عایەن نی یە چۆن، یا کەی
تۆ ون ئەبی، لەش ئەمرێ،
لەش بەیادگاری قەبرێ
جێ دێڵێ تا زەمانێ،
بەڵام، ئەی گیان، تۆ کوانێ
بەڵگەی مان و نەمانت!
قەبرت یا ناونیشانت؟ (دیوانی گۆران ، ١٩٨٠ : ٢٢٨)

ئەم دەقەی (گۆران) بریتییە لە (١٤) دێر جا بە پێی میتۆدەکانی رەخنە، هەندێ جار بە هێزی دەق لە ناونیشان، یاخود دەستپێك، یان کۆتایی دەقدایە، هەندێ جاریش، بەهێزی دەق، لە بەشی یەکەم، یاخود دووەمی دەقەکەدایە، ڕاستە یەکێتی بابەت خاڵێکی گرنگی شیعری نوێیە، کەلێرەدا لە (١) بۆ (١٤) بەرجەستە بووە، بەڵام دەشتوانین بڵێین دەقەکە بکەینە دوو بەشی سەرەکی، لە ژمارە (١)ەوە، تا دێری (١١) خاڵی گرنگە، بەڵام لە دێری (١٢)ەوە تا دێری (١٤) بابەتی گرنگتر دەوروژێت. ئەوەی سەرەنج ڕاکێشە ناونیشانی دەقەکەیە (گیان) کە تارمایی بەسەر کۆی دەقەکەدا هەیە، کە ئەمەش بەیەکێك لە سیماکانی دەقی سەرکەوتوو دادەنرێت، چونکە لە هەندێ کاتدا لای زۆر لە شاعیران، ناونیشانی هیچ پەیوەندییەکی بە کۆی دەقەکەوە نییە.

ئەوەی جێگای سەرنجمانە لەم دەقەدا، وروژاندنی (١٣) پرسیارە بە نیشانەی (؟) لەیەك دەقدا، کە ئەمە زۆر بە کەمی لەیەك دەقێکدا دەبینرێت.

توێژەر بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیی هەندێ جار پەیرەوی یەك میتود، یاخود کۆمەڵێك میتود دەکات، بۆ نموونە لێرەدا ناوەڕۆکی دەقەکە ڕاتدەکێشێت بۆ میتۆدی مێژوویی بەوەی پێویست بە هەندێ زانیاری هەیە، دەربارەی شاعیر، لەوانە: ژیانی تایبەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ...هتد. لە ناونیشانی ئەم دەقەدا، باکگراوەندی ڕۆشنبیری شاعیر دەخوێنێتەوە، چونکە هەستیاری بابەتی رۆح شاعیرانی بەرەو دووره پەرێزی بردووە، لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵ، بابەتی قەدەغەکراوەکان، بۆیە دەبینین ئەم بابەتە بەکەمی لای شاعیران رەنگیداوەتەوە، لە دەقەکەدا دەردەکەوێت کە خاوەنی شیعری (گیان) باکگراوەندی ڕۆشنبیری لە فەلسەفە و ئاینی دا هەیە. پرسیارەکانی (گۆران) هەمان پرسیاری کۆنە، هەر لە سەردەمی ئەفسانە، تا گوتاری ئایینی و فەلسەفەی، بەڵام لێرەدا گۆران بە زمانی هونەری و شیعر و رۆمانسیەت، دەیانوروژێنێت. کاتێك گۆران دەڵێت :

نازانم تۆ چیت ئەی گیان؟
یاری نازداری ژیان،
هێزی لەش و جووڵاندم،
هۆی گەرم و سارد چەشتنم،
تینی دڵەی پڕ جۆشم،
بزوێنی بیرو هۆشم، (دیوانی گۆران، ١٩٨٠ : ٢٢٨ )

لێرەدا پرسیارەکەی گۆران خۆی لە دووبەشدا دەبینێتەوە، لەبەشی دووەمی ئەم کۆپەلەیەوە دەستپێدەکەین کە دێری دووەم وسێیەم دەکات، لێرەدا هێزی ئەرێنی باڵا دەستە، بەوەی رۆح سەرچاوەی لەش و دڵ و هۆشە، بەڵام لە دێری یەکەمدا هێشتا هەر لە دڵەڕاوکێدایە، نازانێ رۆح چییە، هەروەك دەگوترێت، شاعیر بۆی هەیە، یاری بە زمان و پاش وپێشخستنی ڕستە بکات، لێرەدا ئەگەر بە زمانی وتار نووسین بێت ئەو دێری دووەم و سێیەم پێش یەکەم دەکەوێت بەڵام وەك عەرەب دەڵێن: (یجوز للشاعر مالا یجوز لغیره). لێرەدا مەبەستمان ریزبەندی ڕێکخستنە (تنظیم) لە لەش و دڵ و بیرو هۆش کە یەکەمە .

لە دێری چوار وپێنج وشەش دا دەڵێت :

هاوڕێی هەمیشەی عومرم!
لەو ساوە بووم تا ئەمرم !
نازانم تۆ چیت؟ من چیم؟

تۆ من نیت؟ یان من تۆ نیم؟
تۆ دنیام؟ یا دنیام!
تۆی تیا هاتوویته ئەنجام (دیوانی گۆران، ١٩٨٠ : ٢٢٨ )

لێرەدا (گۆران) وەك جەستە، هزر، فەلسەفە لەگەڵ رۆحدا دەکەوێتە دیالوگ وپرسیار کردن، کە هەموو پرسیارەکانی کۆنی مرۆڤایەتی و سەردەمەکانی کۆنن، هەندێ جار لە شێوەی جێناوی (من) و (تۆ)دا و، هەندێ جاریش بەشێوازی دوالیزمی جەستە و رۆح، ژیان و مردن، بوون و نەبوون (الوجود والعدم). لە دێری شەشەمدا گۆران بەشێوەیەکی هونەریانە وشاعیرانە بە ناڕاستەوخۆ ئەم پرسیارە دەوروژێنێت کە لە کۆنەوە هەردوو فەلسەفەی مەتریالیزم و ئایدیالیزم وروژاندوویانە، کە ئەویش ئەوەیە، ئایە زەوی یەکەمە؟ یاخود ئاسمان؟ واتە مادە پێش رۆحە، یاخود رۆح پێش مادەیە.

پرسیارەکانی (گۆران) لە رۆح بەردەوامی هەیە، ئەمەش لە دێڕەکانی ٦، ٧، ٨ دەبینرێت و، هیچی بۆ ساغ نەبۆتەوە، بەڵام لە دێڕی (٩)دا گەیشتۆتە پرەنسیپەکانی فەلسەفەی (نازانمەگەری – لاأدری)، بەڵام لە دێڕی (١٠)دا تەنها یەك تروسکاییەك دەخاتە روو، ئەویش ئەوەیە، کە دەڵێت:

هەر ئەوەندەم لێ روونە
ئەنجام لەیەك جۆی بوونە

لێرەدا واتە مردن شتێکی حەتمییە، هەموو ئەفسانە و ئایینەکان و فەلسەفەی تازەش رەتیناکەنەوە، بەڵام گۆران زۆر جوان بە زمانێکی شاعیرانەو هونەرییانە دەریاندەبرێت. دەتوانین بڵێین، بەهێزی دەقەکە، لەم چوار دێرەی خوارەوەدایە، کاتێك گۆران دەڵێت:

ڕۆژێك .. سبەی، دوو سبەی؟
عایەن نی یە چۆن، یا کەی
تۆ ون ئەبی، لەش ئەمرێ،
لەش بەیادگاری قەبرێ
جێ دێڵێ تا زەمانێ،
بەڵام، ئەی گیانن تۆ کوانێ
بەڵگەی مان و نەمانیت!
قەبرت یا ناونیشانت؟... (دیوانی گۆران، ١٩٨٠ : ٢٢٨ )

ئەگەر لەدوای دێری (١١)وە سەیری کە کۆتا سێ دێری دەقەکە، واتە دێرەکانی ١٢، ١٣، ١٤، بکەین، هەستدەکەین وەك دەقێکی سەربەخۆ وایە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تەواوکەری دێرەکانی ترە، لێرەد دیسانەوە (گۆران) دەکەوێتە دیالۆك لەگەڵ رۆحدا، بەڵام ئەمجارەیان بە هەندێك زانیاری خۆیەوە دەقەکە دەوڵەمەند دەکات، کاتێك پێماندەڵێت رۆح وندەبێت، ئەمیش وەك گوتارەکانی پێشوو دەیداتە دەست نادیار، وەڵامی کۆتایی لا نییە، بەڵام کاتێك دێتە سەر لەش، بەئاشکرا پێماندەڵێت، ئەنجام هەر لەناوچوونە، بەڵام گۆڕ هێماکەیەتی، بەوەدا دەزانین کەسێك خۆی تێدا حەشارداوە، تا ماوەیەك، دواتر تێکەڵا و بە خۆڵ دەبێتەوە. دواتر پرسیارە سەرسورهێنەر و گەورەکەی (گۆران) لێرەدایە، کاتێك دیالۆکی کۆتایی لەگەڵ رۆح دا دەکات و، دەڵێت دوای جیابوونەوە لە لەش بۆ کوێ دەچێت؟! کوا هێمای مان و نەمانت؟ کوا گۆر و ناونیشانت؟ ئەمە ئەو پرسیارە بێکۆتاییەیە کە مێشکی مرۆڤایەتی هەر لە کۆنەوە، تا ئێستا بە

خۆیەوە، جەنجاڵ کردووە، هەریەك لە گوتاری ئەفسانەیی وئایینی و فەلسەفی پرسیاری گرنگی لە بارەوە دەکەن و چاوەڕێی وەڵامن.

(عەباس ساڵح) دەنگێکی شیعری کوردی و نەوەی نوێیە، خاوەن چەندین دیوانی شیعرییە، داهێنانی نوێی لەچەند بواری شیعریدا کردووە، کاری لەسەر خەیاڵی شیعریی زۆر کردووە و ئەمەش، ڕەنگدانەوەی لە وێنە شیعرییەکاندا دەردەکەوێت، خاوەن هەستێکی ناسکە، زۆربەی شیعرەکانی دەچێتە چوارچێوەی شیعرییەتەوە، بەزمانی شیعر و ئەندێشە خۆی دەکات بەناو ڕووداوەکاندا، زۆر جاریش بە زمانی شیعر دەچێتە ناو بواری فەلسەفەو ڕۆح و جەستەوە لەم دەقەدا دەڵێت:

جیابووینەوە وەك جیابوونەوەی گەڵا لە ڕەشەبا
وەك جیابوونەوەی باران لە هەور
وەك جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستە
وەکو جیابوونەوەی فرمێسك لە چاوەکانی دایکم. (عباس سالح ، ٢٠٠٧ : ٢٤)

لێرەدا شاعیر، وەك کەسی یەکەم، دیالۆك لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا بە زمانی شیعری دەکات، سەنتەری دەقەکە، دابرانە لە نێوان گەڵاو، ڕەشەبا، باران و هەور، ڕۆح وجەستە، فرمێسك و چاو، ئەم جۆرە دابرانە جوانییەکی هونەری بە دەقەکە بەخشیووە، وشەکانی لە زمانی ڕۆژانەو فەرهەنگەوە بەرەو شیعرییەت و خوازە بردووە، لە زاکیرەو زەینی شاعیر لە زۆربەی دیوانەکانیدا ئاماژەی دیاری ڕۆح و جەستە دەبینرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر هەمیشە لە تێرامانیدا بووە دەربارەی دوالیزمی ڕۆح و جەستە، بەڵام شێوازی ئەم شاعیرە لەگەڵ (گۆران)دا لەوەدا جیاوازە، کە ئەم زیاتر بابەتەکان لە وێنەی شیعریدا، نەك پرسیارکردن، دەردەخات. ئەگەر لەروی شیکردنەوەی رەخنەییەوە، بڕوانینە ئەم دوو دێڕە، دەبینین، وشەی (جیابوونە)وە (٥) جار لەم دەقەدا دووبارە بۆتەوە، هەندێك لە رەخنەگران پێیان وایە ئەو جۆرە دووبارەکردنەوە، دەق دەمرێنێت و خوێنەر تووشی بێزاری دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە هەندێکی تریش باس لەوە دەکەن کە دەقەکە دەوڵەمەند و بەهێز دەکات، بە بۆچوونی ئێمە ئەم کۆپلەی شاعیر دەچێتە ریزبەندی بۆچوونی دووەمەوە، چونکە لەهەر دووبارە کردنەوەیەکدا وێنەیەکی تر نیشاندەدات، نەك دووبارە کردنەوەو، جووینەوەی وێنەکانی پێشووتر.

(عەباس ساڵح) لە دەقێکی تردا دەڵێت:

نیوە شەوێ ڕۆحێ دەفرێ
بەیانیش لاشەیەك دەبەن بۆ گۆرستان
گوڵە پەمەییەکانیش کاڵ نابنەوە
باڵدارەکان هێور نابنەوە
سەرخۆشەکانیش هەر مەستن
بارانەکەش هەر دەبارێ

* * *

گەڵا پاییزیەکان
وەك ڕۆحی من دەوەرێن
کەس کۆیان ناکاتەوە

کەس لێیان ناپرسێ
با، دەیانبات ودەیانکاتە دەریاوە
گەڵا پایزییە ناگەڕێتەوە
ڕۆحی منیش ناگەڕێتەوە .                (عباس سالح ، ٢٠٠٧ : ٩١ ، ٩٢)

ئەگەر بەوردی ئەم دەقە بخوێنینەوە، تێدەگەین کە ناوەڕۆکی دەقەکە لەسەرەوە تا خوارەوە، باسی رۆح و، مردن دەکات ، بەڵام لێرەدا شاعیر جیا لە زمانی فەلسەفەو ئەفسانە و ئایین بە زمانی شیعریی تێکەڵ بە ئەندێشە و خەیاڵ بابەتەکان دەورژێنێت، خۆی لە خۆیدا ئەمە ئەرکی شاعیرە.

لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر بە شێوازی دوالیزمی شەو و ڕۆژ، رۆح و لاشە، دەچێتە ناو بابەتەکەوە، ئەم کۆپلەی شاعیر لەگەڵ بۆچوونی فەیلەسوفەکان و فەلسەفەی نوێ کەلەبەشی یەکەمدا ئاماژەیان پێدراوە یەکدەگرنەوە، کەمردن واتای بەردەوامی ژیانە، لێرەدا شاعیر ڕەشبین نییە، بەوەی مردن کۆتایی هەموو شت بێت، ئەوەتا، گەشبینییەکە لە دەقەکەدا دەردەکەوێت بەوەی هەرچەند رۆح دەفرێت، لاشە دەچێتە گۆڕستان، بەڵام ژیان هەر بەردەوامەو بەوەی ئەم وشانەی لەگەڵ یەکتردا کۆکردۆتەوە، گوڵ ، باڵدار، سەرخۆش، باران هەموویان هێمان بۆ بەردەوامی ژیان کاتێك دەڵێت:

گوڵە پەمەییەکانیش کاڵ نابنەوە
باڵدارەکان هێور نابنەوە
سەرخۆشەکانیش هەر مەستن
بارانەکەش هەر دەبارێ              (عباس سالح ، ٢٠٠٧ : ٩١، ٩٢)

شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا بەجۆرێکی هاوبەش لە ڕۆحی مرۆڤ و سروشت دەروانێت ودەڵێت/
گەڵا پاییزیەکان
وەك ڕۆحی من دەورێن
کەسێ کۆیان ناکاتەوە
کەسێ لێیان ناپرسێ
با، دەیانبات و دەیانکاتە دەریاوە
گەڵا پایزییەکان ناگەڕێنەوە
ڕۆحی منیش ناگەڕێتەوە              (عباس سالح ، ٢٠٠٧ : ٩٢)

واتە لەم ژیانەی سەر زەویدا، هەموو شت دەمرێت، گەڵا، دار، سروشت، رۆح، واتە نەمری بۆ کەس نییە.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
١- پرسیارکردنی رۆح، بابەتێکی گرنگە، هەر لە کۆنەوە زهنی مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە .
٢- هەر لە شارستانێتی کۆنەوە، تا ئەمڕۆ گوتارەکان خۆیان لەم بابەتە داوە.
٣- سەرەتا ئەفسانە، ئینجا گوتاری ئایینی، دواتریش فەلسفە، ئەم بابەتەیان وروژاندووە.
٤- لە ئەدەبیاتیشدا، بە تایبەت شیعر، ئاوڕلەم بابەتە دراوەتەوە، بەڵام بە زمانی شیعریی و ئەندێشە وخەیاڵ و

خوازە.

٥- (گۆران) لە شێوەی پرسیاردا بە قوڵی چۆتە ناو ئەم بابەتەوە.

٦- جیهانبینی و تێڕامانی قوڵی (گۆران) لەگەڵ باکگراوەنـدە ڕۆشـنبیرییەکەی، سـەرچاوەو ئیلهامی ئەو پرسـیارانە بوون.

٧- دوالیزمی ڕۆح و جەستە بەزۆری لە شـیعرەکانی (عەبـاس سـاڵح)دا دەبینرێـت زیـاتر لەوێـنەی شـیعریدایە، نەك پرسیارکردن.

## سەرچاوەکان


**بەزمانی کوردی:**

١- بوساحە احمد، مردن لە روانگەی ئایینەکانەوە، وەرگێڕانی دانا مەلا حەسـەن، چـاپی یەکەم، ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی و هـونەری ئەندێشـە، ٢٠١٤ .

٢- سەبور عەبدولکەریم (د) ، چەمکی ژیـان ومـردن لە شـیعری مەولەوی و مەولانـا رۆمـی، بڵاوکراوەکانی ناوەنـدی، غەزەلنووس، چـاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٤ .

٣- دیوانی گۆران: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠.

٤- عەباس ساڵح، گوڵە پەمەییەکانی ڕۆح، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥- لهـۆن قـادر عەبـدولرەحمان، دوالیزمـی دژیەك لە هـۆنراوە لیریکییەکـانی مەولانـا رۆمـی و مەولەوی تـاوەگۆزی، چـاپی یەکەم، ناوەنـدی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەدنێشە، ٢٠١٤.

٦- محەمەد ئیقبال لاهووری، ڕەوتی فەلسـەفە لە ئێـران، وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی، بەیـان عەزیـزی، چـاپی یەکەم، بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری زەهاوی، ٢٠١٤.

**بە زمانی عەرەبی:**

١٠- السير و لس بدج، الديانه الفرعونيه، ترجمه: يوسف سامي اليوسف، دار المنارات، الطبعه الاولى، عمان،١٩٨٥.

١١- عادل الألوسی(د) ، الموت والعبقرية، دار الفكر العربى، الطبعه الأول، القاهره، ٢٠٠٣.

١٢- عبدالمنعم الحفنى(د) ، معجم مصطلحات الصوفيه، دار المسيره، بيروت، ١٩٨٠.

١٣- فاضل عبدالواحد على (د) ، سومر اسطوره وملحمه، دار السؤون الثقافيه العامه، بغداد، ١٩٩٧.

١٤- خزعل الماجدى، الدين السومرى، الطبعه الاولى، دار المشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٦٨.

١٥- وداد الجورانى، الرحله الى الفردوس والجحيم فى أساطير العراق القديم، الطبعه الاولى، دار الشئون الثقافيه العامه، ١٩٩٨.

١٦-لويس، فانسمان توماس، ألموت، ترجمه: مروان بطش الطبعه الاولى، بيروت، ٢٠١٢.

١٧- على جواد، المفصل فى تأريخ العرب قبل الاسلام، الجزء الخامس، دار العلم للملاين، به الطبعه الاولى، بيروت، ١٩٧٠.

١٨- عبدالرحمن بدوى، معجم مصطلحات الفلسفه.القاهرة ، الطبعة الاول ، ١٩٨٥.

٧- ابراهيم رجب عبدالله (د) ، وفاء كاظم على، الموت والخوف منه عند فلاسفه اليونان و الاسلام، ١٩٨٤.

٨-على الشوك، الأساطير بين المعتقدات القديمه والتوراه، دار السلام، اردن، ١٩٨٧.

٩- فراس السواح، طريق أخوان الصفا، منوشرات دار علاءالدين، ديمشق، الطبعه الاولى، ٢٠٠٨.

**به زمانی فارسی:**

١١- سيد محسن رجا زاده، مرگ وچاودانگى، چاپ دوم، دفتر پژوهش ونشر سهرودى، تهران، ١٣٨٣.

١٢- دكتر، غلا محسين معتمدى، در أمدى بر مرگ شناسى چاپ اول، تهران، ١٣٧٢.

١٣- جان بايرناس، تأريخ جامع اديان، ترجمهٔ : على حسن حكمت، چاپ اول، ١٣٨٨.

١٤- هانس – گئور گادامر آغاز فلسفه ترجمهٔ : عزت الله فولادوند، انتشارات هرمس، چاپ اول، ١٣٨٢.

بە فەرەنسی:

18- Louis Tom  as vincent, G iny essais sur lo m  ort Africain, Facuite des lettres et scinces hum   anine, pakar, 1968.